www.kurdistannet.org
3-5-2003 20:38

# سەرۆكی ئەمیركا پەیمان دەدات كە كورد لەبیر ناكات

**لە ئاژانسەكانی دەنگوباسەوە**

لەڕۆژی ٢٨/٤/٢٠٠٣دا سەرۆك بوش سەردانی شاری دیترۆیتی ویلایەتی مێشیگانی كرد لەوێ سەرۆكایەتی مێزگەردێكی دەربارەی باری ئێستاو ئایندەی عیراق كرد. ١٧ هاولاّتی ئەمێركایی بەڕەچەلّەك عیراقی بانگێشتەی كرابوون تا دەگەلّ سەرۆك بوشدا باسەكە تاوو توێ بكەن.

پرۆفیسۆر ئەسعەد خێلانی سەرۆكایەتی شاندی كوردەكانی كردو (پرشەنگ شوكری) ش كە یەكێكە لە قوربانییانی كیمیابارنەكانی ڕژێمی ڕووخاوی سەدام، ئەندامێكی شاندەكەبوو.

لەسەرەتادا سەرۆك بوش پابەندبوونی وەلاّتەكەی بە دێمۆكراتیزەكردنی عیراق جەخت كردەوە.

پرشەنگ خانیش سێیەم قسەكەربوو. لەكۆتایی وتەكانیدا پرشەنگ گوتی:- "سەرۆكی هێژا، تكایە كێشەو گرفتی كوردان لەبیر مەكە. "

سەرۆك بوش لەوەلاّمدا گوتی:- "دلّنیابە، هەرگیز لەبیریان ناكەم. "

دواكەسیش كە قسەی خۆی كرد، دكتۆر ئەسعەد خێلانی بوو. لەكۆتاییدا خیلانی توانی خۆی بگەیەنیتە سەرۆك بوش و دەستی بگوشێ و پێی بلّێ:- **"سەرۆكی هێژا، ئەمە یەكەم جارە لەمێژوو دا كە كوردە عیراقییەكان هەست بەئاسایش بكەن. ئێستا كورد جگە لەچیاكانیان ئەمێركاییەكانیش دۆستینە. "**

سەرۆك بوش پێكەنی و گوتی:- "من زۆر چاك ئەمە دەزانم. "

شایانی باسە كۆبوونەوەكە، دەگەلّ سەرۆك بوش، پتر لە یەك سعاتی خایاند.